بە ناوی کوردستانی گەورە.

soransa@hotmail. com
تاران – 2707 /8/26

**بانێکە و دو هەوایە، لە لایە کی سەرمایە، لە لایەکی گەرمایە!!!؟؟ ... ح. س. سۆران**

بیلامانێ، پەرژینی قایم بێ، دو لە روی تەواوی هاوبیران و دڵسۆزانی گەلی کورد، دەڵێن ئافرەتێکی گەڕاوە (بەساڵداچو) بو، شەوێکی گەرم، لە نێوەڕاستی مانگی گەلاوێژدا (ناوی مانگە عارەبیەکان بەکار نابەم)، کە سەبوون و هاڵاو لە ئاسمانی گوندەکەیان دەباری و ئەو کاتەش کەرەسەی فێنک کەرەوەی کارەبایی نەبو (رەنگە ئێستاش لە هێندێک جێ هەرنەبێ!!!)، لە تاو تین و تەوژمی گەرما، لەسەر سەربانی ماڵەکەیان کە پان و فێنکتر بو، جێگە و بانی راخست، تا خێزانەکە بتوانن لەوێ بنوون. کاتێ شەو زرنگاوە، ئافرەتە کە، خەبەری بووەوە و چو سەرێکی خێزانی ماڵەکەی دا، تا بزانێ ئایا جێگەیان خۆشە و ئایا هیچیان پێویست نیە؟.



لە پێشدا، چوە کن جێگەی کچ و زاواکەی، کە ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ لە خزمەتتان دا، زۆر جووت و نزیک لەیەک خەوتبوون. ئافرەتە کە، کە لەمەودوا لێرەدا پێی دەلێین" خەسو" (1)، بە دڵسۆزی و بەزەوە وتی: " لە دەوری سەرتان گەڕیم، ئەم لێفەیەش بدەن بە خۆتاندا، شەو زرنگاوەتەوە با سەرماتان نەبێ!!!".

لە پاشان خەسو، چوە لای جێگەی کورو بووکەکەی، کە نەچەندان نزیک بەیەکەوە نووستبوون. خەسو زۆر قەڵس بو و شریخاندی: " ئەو کچەتیوە وا نووساوە بە رزگار گیانانەوە، پێم وایە بەم هاوینە دەیپرووکێنی!!! دا کچێ توزێ لێی دوور کەوە، با کوڕەکەم بخەوێ. ئەو لێفە کۆنەش لەسەر خۆتان فرێ بدەن، خۆ لەدەستت هەڵنایە؟!

بۆیە وتوویانە:بانێکە و دو هەوایە، لە لایە کی سەرمایە، لە لایەکی گەمایە.

ئێستاش دەستەڵاتی ئامریکا، وەک ئەو خەسوەی لێ هاتوە. تەوای کوردستان وەک ئەو سەربانە هەر یەک کەش و هەوا و بارودۆخی هەیە. لە لایەکەوە مام بووش، لە گەڵ سەرۆکی کوردستانی باشوور، وەها چاک و خۆشی دەکا و خۆشەویستی نیشان دەدا، کە مرۆڤی کورد لەوانەیە دروشمێکی هەرگیز نەدراو، بدات و دڵی خۆش ببێ کە ئێمەش، لاگر و داشدارێکی گمتە و پڕ هێزمان هەیە. لە لایەکی دیکەوە، بووش لە گەڵ خەلیفە ئەردۆغان دادەنیشێ و هێزی پ.ک.ک، بە تێرۆریست دادەنێ!!! کامە تێرۆریست مامە بووش؟ قەسەم بە گڵکۆخانەی ئارلینگتۆن، بە گڵکۆی جێفێرسۆن و واشینگتۆن مێمۆریال، ئەگەر پ.ک.ک، تێرۆریست بێ، تەواوی خەڵکی جیهان تێرۆریستن، کە ئەوە راست نیە. کورد هەر کوردە و خاونی یەک دەرد و پەتا.

ئەگەر پ.ک.ک تێرۆریست بوایە، خودی نەتەوەی کورد توڕی دەدا. کورد گەلێکی ئاشتی خواز، بیرمەند و لەسەرخۆیە، لە ئێراقیش دەبینین، کە کودستان و رێبەرە کوردەکان لەگەڵ ئەوانی دی تۆفیریان زۆر هەیە، چون فەلسەفە و فەرهەنگیان جوێیەی. بە کورتی، کورد نە ئەهلی تێرۆرە و نە ملهوری، نە بە هیوای باڵەخانەی ئاوێنە بەندی ناو بەهەشتە، نە چاوەروانی پەری نێو قەد باریک و کەلەکە تەسکە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نە بە شەرەابی ئاڵی قەراغ ئاوی کەوسەر هەڵدەخاڵەتێ و خۆی دەتەقێنێتەوە. دەبێ باش بزانن، کورد کە پ.ک.ک و سەرۆک ئاپۆش بەشێک لەون، تێرۆڕیست نین، دژی تێرۆڕیستن. پ.ک.ک، لە دەست تێرۆڕیستی دەوڵەتی دەرباز بوە، دەنا کێ دەیەوێ زێدی خۆی بەجێ بێڵێ و بچێتە رەوز و ئەشکەوت و شاخ و چۆڵ؟ هەر ئەو کارەی، کە نەمر سەرۆک م.م. بارزانی و ئەوان دەیانکرد.
مامە بووش! بە قەولی خۆت "گاد بلێس یو! " { خودات لێ رازی... }، هەر ئەو ستەمەی کە سەدامەکان، لە کوردی باشوریان دەکرد، ئەردۆغانەکانیش لە کوردی باکووری دەکەن، بگرە زۆر خراپتریش، کە بە گوێی خۆتان دەیبیستن و بە چاوی خۆتان دەیبینن. زوربەی نزیکەی بیست میلیۆن کوردی باکوور و دیاسپۆڕا بەو رۆژگارە بە لایەنگری، پ.ک.ک و سەرۆک ئاپو، خۆ پیشاندان ئەنجام دەدەن، تەنانەت لە هەر پێنج پارچەکەی کوردستان – لە بەشی ئەرمەنستان، یانی لە ئێرەوانیش کوردان راچەنین، کامە تێرۆڕیست، کەس تێرۆریستی 50 میلیۆنی نەدیوە!!!.
بویە دیسان دوپاتەی دەکەمەوە: بانێکە و دو هەوایە، لە لایە کی سەرمایە، لە لایەکی گەرمایە.
تێبینی: (1) لە وێژەی زارەکی کوردی دا، خەسو رێزی زۆر بۆ دانراوە، بۆ وێنە دەڵێن: " خەسویەک سەد مووچە و مەزرا دێنێ ". بە زمان یئنگلیسیش بە خەسو دەڵێن " دایکی یاسایی ".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.